# هەڵویستی ئەڵمانییەکان بەگشتی لە رژێمی فاشیست لە عیراق

سەلام عەبدوڵلا

پێش نزیکەی ١٥٠سالّ، مارکس لە بارەی ئەلمانیا دەنووسیّ: (*جەنگ لە دژی باروێوخی ئەلمانی! بێگومان! ئەمانە لە ژێر ئاستی مێژوو و هەموو رەخنەکاندان، بەڵام دەمێننەوە وەك بابەتێك بۆ رەخنەگرتن، وەك ئەو تاوانبارەی کە لە ژێر ئاستی هومانیتێت راوەستاوە، وەك حاڵەتی جەلاد دەمێنێتەوە*). بەبیرهاتنەوەی ئەم بۆچوونە لەخۆڕا نییە! با بزانین ئەلمانیا ئێستا لە چ باروێوخێکدایە:

* یەکێك لە رۆژنامە چەپەکانی ئەلمانیا(junge welt)، ریکلامێك بۆ کابرایەکی ئەلمان لە گەل ژمارەی تەلەفۆنەکەی(03885180656)بۆ فرۆشتنی ئالاّی رژێمی فاشیستی عیراق، بلاوکردووە! ! ئەم رۆژنامەیە رۆڵێکی زۆر قیزەوەن دەبینیّ لە پشتگیری کردن لە رژێمی فاشیستی عیراق!

* هەفتەی رابردوو، مەشقپێکەرێکی فوتبۆلّی ئەلمانی، وەك نیشانەیەك بۆ سۆلیداریتێت لە گەلّ عیراق دژی ئەمریکا، دەچێت بۆ مەشقپێکردنی یانەی فوتبۆلّێنی عیراق

* هەر هەموو حیزبە فاشیستەکان، لە حزبی ناسیونالی ئەلمانیا، کۆمارییەکان، یەکێتی سۆسیالیستەکانی ئەلمانیا تا دەکاتە حزبی گەلی ئەلمانیا پشتگیری لە رژێمی فاشیستی عیراق دەکەن!

* لە کۆنفرانسەکەی بەرلین، نوێنەرانی بزووتنەوەی ئاشتی، بە چەپڵەرێزان پێشوازی لە ووتەکانی باڵوێزی رژێمی فاشیستی عیراق لە لەندەن دەکەن!

* سەرۆك حکومەتی سۆسیال دیموکرات(شرۆ– ئۆدە؟)بە پشتیوانی و رەزامەندی سەوزەکان رایگەیاند، ئەلمانیا بە هیچ شێوەیەك پشتگیری ناکات لە جەنگی ئەمریکا دژی عیراق!

* مویلەکان، بەرپرسی حزبی لیبراڵەکان و رێکخراوی کۆمەڵەی عەرەبی و ئەلمانی بە راشکاوی پشتگیری لە عیراق دەکات!

* رێکخراوە ترۆتسکییەکان، بە ناوی خەبات لە دژی ئیمپریالیزمەوە، پشتگیری لە رژێمی فاشیستی بەغدا دەکەن! لە ساڵی ١٩٩١دا، هەمان هەڵویستیان هەبوو!

* بەرنامەی درووستکردنی بۆمبی ئەتۆمی، ئەندازیارێکی ئەلمانییە. ساڵی رابردوو ئەم هەواڵە لە گەلّ وێنەی ئەندازیارەکە لە رۆژنامەکان بلاّوکرایەوە!

* شەرکەتە ئەلمانییەکان بەشداری دەکەن لە پیشەنگای پیشەسازی لە بەغدا و چەندین پرۆتۆکۆل لە گەل جەلادەکانی بەغدا مۆر دەکەن!

* زۆربەی هەرە زۆری شەرکەتەکانی پیشەسازی جەنگی ئەلمانی چەکیان بە عیراق فرۆشتووە(هیلیکۆپتەر، راکێتی دوورهاوێژ، بۆمبهاوێژ.. .) , promex, Saarstahl, SEG Schalterktronik,Teldix, ABC(Anlagen Bau Contor), Procom, Fritz Werner, Gildemeister AG, INWAKO Gmbh, Daimler Benz, ABB, Bosch Mainburg, Dornierو سەدان شەرکەتی تر!

* زۆربەی ئۆتۆمبیلەکانی عیراق بریتین لە ئۆتۆمبیلی ئەلمانی(فۆلکس ڤاگن). تانك گواستنەوە، پاسەکان، گەلابە، شۆفەلّ و بلدۆزەرەکان لە شەرکەتی ئەلمانی(MAN , Blumhardt)!

* کۆماندۆی پاراستنی سەددام لە لایەن پسپۆرێکی کۆماندۆی دەزگای(GSG9)مەشقیان پێکراوە! ناوی( Heerwagen Ludwig)، نیشتەجێی شاری موینشن

(سەرچاوە: waffen fuer saddam, Die Irak-Connection der BND)

* شوێنی خۆ حەشارکردنەکانی سەددام، فرۆکەخانەی سەددام و بەسرە، بنکەی ئاسن تواندنەوە لە نزیك تاجی بۆ چەکسازی لەلایەن شەرکەتی ئەلمانی Hochtief ,Zuplin درووستکراون!

* بەشێکی گرنگ لە ئامێرەکانی بنکەی تۆژینەوەی راکێتی(سەعەد١٦) لەلایەن شەرکەتی(Carl zeiss) دامەزراوە!

*ئامێری ئەلکترۆنییەکانی دەزگای موخابەرات و ئاسایش بۆ کاری جاسوسی و کۆنترۆڵکردنی خەڵکی عیراق لە لایەن شەرکەتی( Telemit) لە موینشن درووستکراوە.

* وەزیری دەرەوەی ئەلمانی کینکل کە پێشتر بەرپرسی دەزگای موخابەرات بوو، بەشداری کرد لە بازرگانی چەکفرۆشتن بە فاشیستەکانی عیراق!

* بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئەلمانی لە بایرن زانیاری لە بارەی پەنابەرە عیراق و کوردەکان بە ڕژێمی فاشیستی عیراق دەگەیەنێ!

* بنکەی لەشکری ئەلمانی لە موینشن مەشق بە ئەفسەرە عیراقییەکان دەکەن لە بواری ڕاکێت تەکنیکی چەکی ئاسمانی!(سەرچاوەی ئەم زانیارانە: گۆڤاریDie Todeskremer کە لە لایەن ڕێکخراوی Stoppt den Ruestungsexport , BUKO

* دەزگاو چەکی ژەهری کیمیاوی لەلایەن شەرکەتە ئەلمانییەکانەوە دراون بە دڕندەکەی بەغدا!

* دادوەرەکان تەنها سزای چەند تاوانبارێك لە فرۆشیارەکانی ژەهری کیمیاوی یا چەك داوە! بەڵام چۆن؟! بە سزای ٢یا سێ ساڵ زیندانی لە گەل هێشتنەوەی جێبەجێی سزاکە یا بە سزای پوولی نەگەیشتووە بە چەند هەزار ئۆیرۆیەك! ڕژێمی فاشیست تەنها لە نێوان ١٩٨٢–١٩٨٦، ٣١،٧ملیارد دۆلاری خەرجکردووە بۆ چەککڕین! و ئێستا(مەبەست ساڵی١٩٩٠ بە گوێرەی گۆڤاری روند بریف، ژمارە٢٧، هەمان ڕێکخراوی ناوبراو)، ٢٠ملیارد دۆلاری کەیشی بۆ چەککڕین خەرجکردووە!!

* بیری ناسیونال سۆسیالیستی ئەلمانیا، سەرچاوەی بیری حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست!

ئایا گوتەکەی مارکس لە بارەی ئەلمانیا درووست بووە؟ بۆچی ئەلمانەکان پشتگیری دەکەن لە فاشیزمی حاکم لە بەغدا؟ ئایا ئەلمانییەکان(بە چەپ و راستیانەوە، جگە لە چەند ئومانیستێك و چەند حزبێکی شیوعی کە کەمایەتییەکی زۆر بچوك پێکدەهێنن) لە سەر چ بنەمایەك لە دژی جەنگی ئەمریکی ڕاوەستاون؟ خۆزگا ئەوانەی لەم وەڵاتە دەڵێن ئێمە دژی جەنگین، بە هەموو جۆرەکانی خەبات(لە خۆپیشاندانەوە تا بە چەکداری) لە دژی دەسەڵات و شەرکەتەکانی چەکسازی کیمیاوی، بیۆلۆگی و ئەتۆمی و چەکە کلاسیکییەکان خەباتیان دەکرد و پشتگیری لە قوربانییانی فاشیزمیان دەکرد!

سەلام عەبدوڵڵا 27.11.2002

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.